سەندیکای پزیشکانی هەولێر: پێویستە گیانی پزیشکان و پەرستاران ستافی نەخۆشخانەکان پارێزراو بێت

پاش ئەوەی کەمێک کەسی چەکدار هەرش دەکەنە سەر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر، بەتووندترین شێوە سەرکەنەی ئەم جۆرە ڕووداوو و دیاردە ناشارستانییە دەکەینەوە، لەهەمان کات داوا لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەین هەموو هەوڵێک بخەنەگەڕ بە پاراستنی سەلامەتی گیانی پزیشکان و پەرستاران و ستافی نەخۆشخانەکان و کەسانی سەرپێچی کار و لە یاسا لادەر ڕووبەڕوی یاسا بکرێنەوە تاکو بە سزای یاسایی بگەن.

لەهەمان کات دا، ئەو ڕاستیە بە بیری هاوڵاتیانی خۆشویست دەهێنینەوە کە پزیشکان و پەرستاران و ستافی نەخۆشخانەکان تاکی ئەم کەمەگەیەن و کار و ئامانجی سەرکییان لە نەخۆشخانە بریتیە لە یارمەتی دان و چارەسەرکردنی نەخۆش، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەک بەجوانترین شێوە مامەڵە بکەن لەگەڵ پزیشکان و پەرستاران و ستافی نەخۆشخانە.